فەڕەنسا میوانداری کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی سەبارەت بەسوریا دەکات

کۆشکی ئیلیزێ رایگەیاند ،کە فەڕەنسا لە 13 ی شوبات لە پاریس میوانداری کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی سەبارەت بە سوریا دەکات و تیایدا گفتوگۆ لەسەر "گواستنەوەی سیاسی دادپەروەرانە و گشتگیر" دەکرێت.

ئەم کۆنفرانسە سێیەم کۆنفرانسە لەدوای یەکەم کۆبوونەوە کە لە 14 ی کانوونی یەکەمی ئەمساڵ لە ژنێف لە ئوردن بەڕێوەچوو دوای هووخانی بەشار ئەسەد لە 8 ی کانوونی یەکەم.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی کۆشکی ئێلیزێ، سەرکۆی فەڕەنسا ئیمانوێل ماکرۆن لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ شازادەی جێنشینی سعودیە محەمەد بن سەلمان، جەختیان لە بەرواری کۆنفرانسەکە کردەوە .

لە ڕاگەیاندراوەکەش هاتووە: "هەردوو سەرکردە پابەندبوونی خۆیان دووپاتکردەوە بە پشتیوانیکردن لە گواستنەوەیەکی سیاسی دادپەروەرانە و گشتگیر کە ڕێز لە مافەکانی هەموو خەڵکی سوریا بگرێت."

هەروەها جەختیان لەوە کردەوە کە پێویستە ڕێز لە سەروەری سوریا بگیرێت و سوریا لە هەر دەستوەردانێکی دەرەکی بپارێزرێت.